www.kurdistannet.org

5-7-2006 0:38  بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## زەعیمە نەرمەکان ... سیاڕۆژ

مەمکەکانت
زەعامەتی دونیای جوانین
لە کۆشکی سوخمەیەکەوە،
دووربینی جەنگ هەڵئەگرن و
ئەڕواننە مەملەکەتی هۆنراوە.
لە کاتێکا من تەسلیمی فەرمانت بووم
مەرەکەبی خۆشەویستیم خواردۆتەوەو
لە ناو گیانما ڕازەکانت نووسراوە
کە من لە مەنفای عەشقام و
کە شیعریش بە تۆ دۆڕاوە.

ئۆسلۆ . ....